**وانەی دووەم (المحاضرة الثانية):**

## جۆرەکانی توێژینەوە Type of Research

**بەشێوەی بنچینەیی دوو جۆر توێژینەوە هەیە:**

**یەکەم: توێژینەوەی بنچینەیی (بنەرەتی)** (Basic Research ):

هەروەها پێی دەوترێ توێژینەوەی تیۆری، توێژینەوەیە کە بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی بابەتێک یان دیاردەیەکی دیاریکراو، واتە لێکۆڵینەوەی لە ڕوانگەیەکی تیۆریەوە و مەعریفە تەنها لە پێناو زانیندا بەدەست دەهێنرێت.

کە ئامانجي وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی گریمانە لە ڕێگەی زانیارییەوە کە لە سەرچاوەکانەوە بەدەست هاتووە نەک لە ڕێگەی جێبەجێکردندا، چونکە پەیوەستە بە نێوەندگیری و دەرئەنجامدانەوە لەوەی کە توێژەر دەیخوێنێتەوە. لە ڕێگەی ئەمەوە دەتوانرێت گریمانەی نوێ و پرسیاری نوێ کە پێویستیان بە وەڵام هەیە، دروست بکرێن.

**توێژینەوەی بنەرەتی یارمەتی توێژەر دەدات بۆ بە بەدەستهێنانی هەموو زانیارییەکانی بوارەکەی توێژینەوەکە بە خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو و زانیارییە تیۆریەکان. لە ڕێگەی لێکۆلینەوەی تیۆریەوە ناتوانرێت چارەسەرێك بۆ کێشەیەکی دیاریکراو دابنرێت بەڵکو دەتوانرێت زانیاری لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە کێشەکە بە دەستبهێنرێت. کەواتە لێکۆلینەوەی بنچینەییەکان پشتگیری تێگەیشتنمان دەکات بۆ جیهانی دەور وبەرمان.**

**دووەم: توێژینەوەی جێبەجێکردن** (Applied Research):

**ئەمەش ئەو توێژینەوەیە کە بە مەبەستی دۆزینەوە چارەسەرێك بۆ کێشەیەکی دیاریکراو لە رێگەری بەکارهێنانی توێژینەوە بەکاردێت. ئامانجی تری توێژینەوەی جێبەجێکردن بۆ باشتر کردنی باری مرۆڤی ئێستا. هەروەها بۆ زانینی زیاتر کێشەکانی ژیانی راستەقینە وە هەنگاوی بەجدی وەربگیرێ بۆ چارەسەری و باشتر کردنی. لە رێگەی توێژینەوەی جێبەجێکردن دەتوانین بگەینە ئەنجامەکان بە شێوەیەك بتوانین گشتاندن بکەین بۆ ئەنجامەکانی دیاردەیە لێکۆلینەوەی لەسەر کراوە، یاخود دەگەینە زانیاریەکان لە رێگەی ئەو ئەنجامانەی کە سوود بەخشن بۆ چارەسەری هەندێ لە کێشەکان.**

بۆ تێگەیشتن و روونبوونی زیاتر بۆ توێژینەوەی تیۆری و جێبەجێکردن، لە خشتەی خوارەوە هەندێ جیاوازیە سەرەکیەکان دەخەینە بەر روو نێوان هەردوو جۆر:

| توێژینەوەی بنچینەیی(بحث الأساسي) | توێژینەوەی جێبەجێکردن (بحث التطبيقي) |
|---|---|
| ١. سروشتەکەی تیۆریە و روونکردنەوە و شیکردنەوەیە. | ١. سروشتەکەی خۆیدا پراکتیکیە. |
| ٢. بۆ فراوان کردنی بنکەی زانینە و بۆ دۆزینەوە زانیاریە. | ٢. بۆ چارەسەر کردنی کێشەیەکی دیاریکراوە بە پراکتیکی کە رووبەروی کۆمەلگا دەبێت. |
| ٣. سەرچاوەکانی کتێب و سەرچاوەکان و توێژینەوەی پێشووە. | ٣. سەرچاوەکانی لە زەمینەی واقعی یاخود لە مەیدان و تاقیگاکان دەبێت. |
| ٤. لەرێگای ئەو تیۆریەکان و گریمانەکان دروست دەکرێن. | ٤. لەرێگای ئەو بەلگەدار کردنی تیۆریەکان و جێبەجێ کردنی گریمانەکان. |
| ٥. قوتابیان و مامۆستا و زانایان و رۆشەنبیرەکان ئەنجامی دەدەن تەنانەت نا پسپۆرەکانیش. | ٥. کەسانی پسپۆری تایبەت لە بوارێکی پسپۆری دیاریکارو ئەنجامی دەدەن. |

**هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە (اختيار موضوع البحث):**

هەنگاوی یەکەمی لە هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی دەبێت بابەتەی توێژینەوەکە دیار بکرێت بە شێوەیەکی وەرد. ئەوە دەبێتە بنچینەی سەرکەوتنی ئۆپراسیونەکە بە شێوەی تەواو، وە گرنگە زۆر پێش ئەوەی توێژەر هەڵبستێ بە هەر کارێك بیەوێ دەربارەی کاربکات. پێش هەموو شتێك دەبێت توێژەر پێش هەنگاوبنێت بۆ هەر بابەتێك کە دەیەوێ توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام بدات، دەبێت بزانیت سوودی چیە و کێ سوود وەردەگرێت لە توێژینەوەکە، ئەمەش بە وەستان لەسەر کێشە گرنگەکان دەبێت. گومانی تێدا نیە دیاریکرنی بابتەتی توێژینەوەکە پشت دەبەستێ بە شارەزایی خودی توێژەرەکە لەو بوارەی یاخود پسپۆری کە کاری تێدا دەکات. لەگەل ئەوەشدا توێژەرەکان بەدوای هەندێ ئامۆژگاری بروات، کە یارمەتی دەدات لە هەڵبژاردنی بابەتەکەی هەرچندیش بیت ئاستی شارەزاییەکەی، ئامۆژگاریەکان وەك ئەو خاڵانەی خوارەوە بێت:

١. توێژەر دەبێت خوێندن بکات بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە مادەی زانستی بۆ دۆزینی ئەو بابەتەی کە ئەو لێی ئارازوومەندە.
٢. قۆڵ بوون لە سەرچاوەکانی زانستی کە بەستراوە بەو بابەتەی کە هەڵیدەبژێریت ودڵنیا بیت کە دابینیدەکات.
٣. دەبێت توێژەر پرسیارەکانی دیاربێت لە توێژینەوەکەی کە دەیەوێت وەڵامی بدات و هەر بۆیە دەبێت واقعیانە بێت.
٤. دەبێت نەرمونیان بێت لە پەرەسەندنی توێژینەوە، لەوانەشە توێژەر پێویستی بێت بە دەستکاریکردن یاخود گۆرانی پرسیار ئەگەر پێویست بێت.
٥. توێژەر دەبێت دڵنیا بێت لە شان بەشان بوونی رووداوەکان و پەرەسەندنەکان بێت لە کارەکەی و کەوا توێژینەوەکەی بەهای خۆی هەبێت.
٦. پێویستە توێژەر بیرۆکەی خۆی گفتۆگۆ بکات لەگەڵ کەسانی ئەزموونادار و سەرپەرشتیار بۆ رێنیشاندانی لە هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە.
٧. دەبێت توێژەر ئاستی توانا و ئەزموونی پراکتیکی هەبێت لەسەر لێکۆلینەوەی بابەتی توێژینەوەکە.
٨. داتاکان و زانیاریەکان دابینکراو بێت دەربارەی بابەتی توێژینەوە و تواناکانی ماددی (دارایی) لەگەڵ بوونی کاتی گونجاو.

## هەنگاوەكانی توێژینەوەی زانستی (خطوات البحث العلمي):

پێویستە توێژەر شارەزا بێت بە هەنگاوەكانی توێژینەوەی زانستی بنەرەتی، بۆ تەواو كردنی كاری توێژینەوە بە شێوەی زنجیرە و ئاسایی و دوور لە هەڵەكان. لەگەل ئەوەشدا هەموو هەنگاوەكان بەیەك بەستراون بە جۆرێك زۆرجار جیاكردنەوەی نێوان هەنگاوەكان قورس دەبێت. كەوا لە راستیدا هەر هەنگاوێك بەستراوە بە هەنگاوی پێشی خۆی و ئەو هەنگاوەی لەدوای دێت. سەرچاوەكانیش جیاوازن لە دیاریكردنی ژمارەی ئەو هەنگاوانە و رێكخستنی، بەلأم بە شێوەی گشتی رێكەوتنێك هەیە لەسەر هەنگاوە سەرەكیەكانی توێژینەوە، بەم شێوەیە:

١. دیاریكردنی كێشەی بابەتەكە كە هەڵمانبژاردوە.
٢. دیاریكردنی رەهەندەكانی (أبعاد) توێژینەوەكە و گرنگیەكە و ئامانجەكان و پاساوەكانی.
٣. پێداچوونەوەی ئەدەبیاتەكانی پەیوەندی بە كێشەی لێكۆڵینەوەكە و لێكۆلینەوەكانی پێشو و هەموو زانیاریەكانی بەستراو بە كێشەكە.
٤. دروست كردنی گریمانەكانی توێژینەوە لە رۆشنایی كێشەی توێژینەكە، وە دانانی یاخود مەزندەكردنی چارەسەری سەرەتایی بۆ كێشەكە.
٥. دیاریكردنی شێوازی (مێتۆدۆلۆژیای) گونجاو، كە تیایدا توێژینەكە دیزیان دەكرێت ودیرایكردنی تاقیكردنەوەكان و پێوانەكان كە داتاكان پێی كۆ دەكرێتەوە.
٦. چارەسەركردنی داتاكان بە ئامار و خستنە رووی بەشێوەیەك بتوانین تێیبگەین و شیكردنەوە و پوخت كردن ئەنجامەكان واتە دەرئەنجامەكان.
٧. دانانی پێشنیاری گونجاو لە رۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەكە.
٨. نووسینی توێژینەوەی زانستی بەپێی بنەماكان و رەچەلەك و پیلانی توێژینەوەی زانستی.

**پیلانی توێژینەوەی زانستی (خطة البحث العلمي):**

دوو جۆر پیلانی توێژینەوەی زانستی هەیە ئەوانیش (چوارچێوەی گشتی بۆ توێژینەوەی زانستی ، پیلانی نووسینی توێژینەوە زانستی) جیاوازی نێوانیان ئەوەیە یەکەمیان بە شێوەی پوخت دەبێت ناودەبرێ بە (چوارچێوەی توێژینەوە) یاخود (پیلانی سەرەکی) کە دەنووسرێت پێش رێکاری و جێبەجێکردنی توێژینەوە ئەویش بریتیە لە ئامادەکاری بۆ لێکۆلینەوە کە تیایدا سنوری لێکۆلینەوەی بابەت روونەدەکرێت هەروەها کات و شوێنەکەی و هەروەها زارەوە سەرەکیەکان روونەدەکرێتەوە وە مەبەستیش لێی کە توێژەر هەڵدەستێ بە پێشکەش کردنی بۆ لایەنی زانستی یاخود بەشی زانستی بەمەبەستی گفتوگۆکردنی چوارچێوەکە و جێگیر کردنی ناونیشانەکە وبریارلەسەری بدرێت.

جۆری دووەمیش راستەوخۆ دوای یان لەگەڵ جێبەجێکردنی توێژینەوەکەدا دێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی، کە بریتییە لە پلانی تەواوی توێژینەوە کە توێژەر توێژینەوەکەی بە تەواوی بە نووسراو دەردەهێنێت وئامادەی دەکات بۆ بڵاوکردنەوە وچاپکردن.

**یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەی زانستی (إطار العام لبحث العلمي):**

چوارچێوەی توێژینەوە دادەنرێت بەو قاڵبەی کە یارمەتی توێژەر دەدات لەسەر نووسینی توێژینەوەکەی بەپێی پیلانی ئاشکرا و روون، کە توێژەری دەگەینێتە سەرکەوتن. کەوا زۆربەی سەرچاوەکان پێکهاتوون لەسەر ناوەرۆکەکان و پێکهاتەکانی چوارچێوەی گشتی توێژینەوەی زانستی بەم جۆرە:

١. ناونیشان(العنوان).
٢. پێشەکی و گرنگی توێژینەوە (المقدمة وأهمية البحث).
٣. کێشەی توێژینەوە (مشكلة البحث).
٤. ئامانجەکانی توێژینەوە(أهداف البحث).
٥. گریمانەکانی توێژینەوە (فروض البحث).
٦. بوارەکانی توێژینەوە (مجالات البحث).
٧. دیاریکردنی زاراوەکانی گۆراوەکانی ناونیشان(تحديد المصطلحات لمتغيرات العنوان).

٨. خوێندنی پێشو و لێکچوو (الدراسات السابقة أو المشابهة).
٩. میتولوجي توێژینەوە و رێکارەکانی مەیدانی (منهجية البحث وإجراءاته الميدانية).
١٠. سەرچاوەکان (المصادر).

**گرنگی پیلانی سەرتایی توێژینەوەی زانستی (أهمية الخطة الأولية لبحث العلمي):**

١. ئەو هەر وەك پێشکەش کردنی روونکردنەوە لەسەر بابەتی توێژینەوەیە.
٢. یارمەتی توێژەر دەدات لەسەر دیارکردنی زنجیرەی کارەکەی بەپێی پێشینە.
٣. هەڵسەنگاندنی ماوەی کاتی کە توێژینەکە پێویستیتی.
٤. رونکردنەوەی گرنگی توێژینەوە و ئەو سوودەی توێژینەکە پێشکەشی دەکات.
٥. کێشەکەی روونەکات و دابینکردنی زانیاریەکان و بیرۆکەکان لەسەر توێژینەکە.
٦. رونکردنەوەی ئەو میتودەی کە توێژەر پشتی پێدەبەستی و شێوازی زانستیەکەی.
٧. دادەنری بە چوارچێوەی تیۆری بەشی یەکەم بۆ پێکاهتەکانی توێژینەوە کە دادەنرێ بە بەشە سەرەکیەکان.

**دووەم: پیلانی نووسینی توێژینەوەی زانستی (خطة كتابة البحث العلمي):**

دەبێت توێژەر توێژینەوەکەی بنووسی بە شێوەیەکی رێك پاش جێبەجێ کردنی توێژینەکە، نووسینی توێژینەوە زانستی جیاواز بووە بە پێی شوێن و کاتی نووسینی، یاخود مەبەست لە نووسینی کەوا یاخود بۆ توێژینەوەی بڵاوکردنەوە بێت لە یەکێك گۆڤارەکانی دیاریکراو یاخود توێژینەوەی ماستەر یاخود تێزی دکتوراە بێت. ئەمەی ژێرەوە پیلانی نووسینی توێژینەوەی زانستیە:

- ناونیشانی توێژینەوە (عنوان البحث).
- ئایەتی قورئانی (الآية الاقرانيه) (اختيارية)
- پێشکەشکردن (الإهداء)(اختيارية).
- سوپاس وپێزانین (الشكر والتقدير)(اختيارية)
- کورتەی توێژینەوە (مستخلص البحث).

- ناوەرۆكی توێژینەوە(محتويات البحث).
- ناوەرۆكی خشتەكان (محتويات الجداول).
- ناوەرۆكی شێوەكان (محتويات الأشكال).
- ناوەرۆكی پاشكۆیەكان (محتويات الملاحق).

بەشی یەكەم (الفصل الأول)

١- ناسینەوەی توێژینەوە(التعريف بالبحث).

١-١ پێشەكی و گرنگی توێژینەوە(المقدمة وأهمية البحث).

١-٢ كێشەی توێژینەوە(مشكلة البحث).

١-٣ ئامانجەكانی (أهداف البحث).

١-٤ گریمانەكانی توێژینەوە(فروض البحث).

١-٥ بوارەكانی توێژینەوە(مجالات البحث).

١-٥-١ بواری مرۆیی (المجال البشری).

١-٥-٢ بواری شوێنی (المجال المكاني).

١-٥-٣ بواری كاتی (المجال ألزماني).

١-٦ پێناسەی زاراوەكان (تعريف المصطلحات).

بەشی دووەم ( الفصل الثاني)

٢- خوێندنی تیۆری و خوێندنی پێشو (الدراسات النظرية والدراسات السابقة).

٢ -١ خوێندنی تیۆری (الدراسات النظرية) .

٢-٢ خوێندنی پێشو و لێكچوو (الدراسات السابقة والمشابهة) (المرتبطة).

- بەشی سێیەم (الفصل الثالث)

تێبینی :پێکهاتەکانی بەشی سێیەم دەگۆڕێت بەپێی میتۆلۆژی توێژینەکە.

٣- میتولوژی توێژینەوە و ڕێکارەکانی مەیدانی (منهجية البحث وإجراءاته الميدانية).

١-٣ میتولوژی توێژینەوە. (منهج البحث)

٢-٣ سامپلی توێژینەوە (عينة البحث):

٣-٣ کەلوپەل و ئامێرەکان وئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریەکان (الادوات والاجهزة ووسائل جمع المعلومات)

١-٣-٣ کەلوپەلی بەکارهاتوو (الأدوات المستعملة)

٢-٣-٣ ئامێرەکانی بەکارهاتوو (الأجهزة المستعملة).

٣-٣-٣ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاکان (وسائل جمع البيانات).

٤-٣ دەستنیشانکردنی گۆڕاەکانی توێژینەکە و تاقیکردنەوەکان (تحديد المتغيرات البحث واختباراتها).

٥-٣ بنچینەی زانستی تاقیکردنەوەکان (الاسس العلمية للاختبارات).

٦-٣ تاقیکردنەوەی پرسکردن (التجارب الاستطلاعية).

٧-٣ تاقیکردنەوەی سەرەکی (التجربة الرئيسية).

٨-٣ ئامرازەکانی ئامار (الوسائل الإحصائية).

- بەش چوارەم (الفصل الرابع)

٤- پێکەشکردن و شیکردنەوەی ئەنجامەکان وگفتوگۆ کردنی (عرض وتحليل النتائج ومناقشتها):

١-٤ پێکەشکردن و شیکردنەوەی ئەنجامەکان (عرض وتحليل النتائج).

٢-٤ گفتوگۆ کردنی ئەنجامەکان (مناقشة النتائج)

- بەشی پێنجەم (الفصل الخامس)

٥- دەرئەنجامەکان و راسپارەدەکان (الاستنتاجات والتوصيات):

١-٥ دەرئەنجامەکان (الاستنتاجات).

٢-٥ راسپارەدەکان (التوصيات).

- سەرچاوەی عەرەبی و بیانی (المصادر العربية والأجنبية).

- **پاشكۆيەكان (الملاحق).**

- **كورتەى بەزمانى انگليزى (المستخلص باللغة الانكليزية).**